

زوهره عیشقی:

# سەرەڕای دەوڵەمەندی و ڕەسەنی جۆرێک لە بێسەروبەری لە هونەری کوردیدا بەدی دەکرێت

■

**وەک کەسێکی فارسی زمان سەرسامم بە هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک**



بۆ ئەوەی بۆ یەکەم جار بەرهەمێکی هونەری بە زمانی کوردی پێشکەش بکات، خانمە هونەرمەندی فارس، زوهرە عیشقی ماوەی چەند رۆژێك لە کوردستان بووە و بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی چەند هونەرمەندێکی کرد و ئێستا لە قۆناغی خۆئامادەکردنە بۆ پێشکەشکردنی ئەم بەرهەمە، سەبارەت بەم بەرهەمە و کارە هونەرییەکانی بە گشتی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.



*** بە حوکمی ئەوەی چەندین ساڵە لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا کا دەکات هەست دەکات چ نزیك بوونێك لە نێوان هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی و فارسیدا هەیە؟**

- مۆسیقا خاوەنێکی دیاریکراوی نییە کە بڵێین ئەمە مۆسیقای ئەم نەتەوە یان ئەویانە، مۆسیقای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی لەوانەش مۆسیقای ئێرانی و کوردی زیاتر پەیوەندییان بە سروشتەوە هەیە، واتە سروشت بە هەموو شێوەکانییەوە کاریگەریی بەسەریانەوە هەیە و لە گۆرانییەکانیاندا بە تەواوی ئەمە رەنگی داوەتەوە، هەر یەکە لە مۆسیقای ئێرانی و کوردی تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە کە پێی ناسراون، مۆسیقای کوردی جوڵە و ریتمەکانی زۆرە، لەمەشدا زمان کاریگەرییەکی زۆری هەیە بەسەر بوونی ریتم وجوڵەی زۆرەوە، بەڵام لە زمانی فارسیدا رەنگە ئەمە نەبێت، وەك گوتم مۆسیقا خاوەنێکی دیاریکراوی نییە، دەتوانین بڵێین مۆسیقای کوردی و فارسی زۆر شتی سەرنجڕاکێشیان هەیە، بۆ سوود وەرگرتن لێیان ئاساییە و ئەگەر هەوڵ بدرێت بۆ تێکەڵ کردنیان ئەوا کارێکی هونەری ناوازە دەبێت و من خۆیشم ئێستا بە نیازی ئەنجامدانی کارێکی هونەری لەو جۆرەم کە پێموایە هەر هونەرمەندێك کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدات لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی سەرنجڕاکێش دەبێت.

*** ئەی دەربارەی هونەر و هونەرمەندانی کورد چ زانیارییەکت هەیە؟**

- بەڵێ زانیاریم دەربارەی هونەرمەندانی کوردستانی ئێران هەیە بەهۆی کارکردنم لەگەڵ لە ئاهەنگەکان، یەکێك لەوانە هونەرمەند حەمید رەزا نەعیمییە، ئەمە یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە بواری هونەری زۆر بەتوانا بوو و بۆ ماوەیەکی زۆر کارمان کرد، هەروەها کەسێکی وەکو هونەرمەند غەریب پور بۆ خەڵکی ئێران و کوردانیش مایەی شانازییە، چونکە توانیی بەشێوەی ئۆپیرالی مۆسیقای رەسەنی ئێرانی پێشکەش بکات وەك ئۆپێرای مەولانا و ئۆپیرای حافیز و چەندین ئۆپێرای دیکە کە لەسەر ئاستی جیهان ناسراون، کە پێویستە کورد و ئێرانییەکان شانازیی پێوە بکەن، هەروەها زانیاریم دەربارەی هونەرمەندی ناسراو عەباسی کەمەندی و گروپی کامکاران و عەندەلیبەکانیش هەیە کە لە گروپە هونەرییە سەرکەوتوو و ناسراوەکانن، ئەمانە ئەو هونەرمەندە کوردانەن کە من لە نزیکەوە دەیانناسم و بینیومن، لە هونەرمەندە کۆنەکانیش من وەك کەسێکی فارسی زمان سەرسامم بە هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەك لە زۆر رووەوە و کاریگەریشی بەسەر منەوە هەبووە.

*** هونەرمەندانی کورد چۆن دەتوانن سوود لە مۆسیقای ئێرانی وەربگرن بەتایبەتی مۆسیقای سوننەتی؟**

- من پێموایە ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی ئێرانی وەك کورد و بەلوج زۆر دەوڵەمەندە و لە یەکترییەوە نزیکەوە، بەڵام بە هۆی جیاوازی زمانەوە مۆسیقایان تا رادەیەك جیاوازە و هەر نەتەوەیەك بە ژانرێکی تایبەت کار دەکات، وەك باسم کرد ریتمەکانی مۆسیقای کوردی زیاتر خێران بۆیە دەتوانرێ لەم رووەوە سوود لە مۆسیقای فارسی وەربگیرێت و بە ریتمێکی هێمن کە مۆسیقای فارسی پێی ناسراوە گۆرانی کوردی و مۆسیقای فارسی تێکەڵ بکرێت و بە پێچەوانەوە دەتوانرێ ریتمی گۆرانی کوردی لە فارسیشدا سوودی لێ ببینرێت، بەڵام رەنگە لە هونەر و مۆسیقای ئینگلیزیدا تۆ نەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەی.

*** ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مۆسیقای کۆن و مۆسیقای مۆدێرن هەیە وەك پۆپ و رۆك، هونەرمەندە کۆنەکان چۆن دەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم شێوازە مۆسیقییە نوێیانە بگونجێنن بەجۆرێك کە رەسەنەکە بپارێزن و ئارەزووەکانی خەڵکیش پشتگوێ نەخەن؟**

- پۆپ یان رۆك و هەر جۆرە ستایلێکی مۆسیقا و گۆرانی وتن نابێ رەت بکرێتەوە و دەبێ رێز لە ویستی لاوەکانیش بگیرێت، بەڵام نابێ بگاتە ئەو ئاستەی کە پۆپ یان جاز لەسەرووی مۆسیقای رەسەن و سوننەتی دابنرێت، ئەگەر سەیری مێژووی هونەری کورد و فارس

**پۆپ یان رۆك و هەر جۆرە ستایلێکی مۆسیقا و گۆرانی وتن نابێ رەت بکرێتەوە و دەبێ رێز لە ویستی لاوەکانیش بگیرێت، بەڵام نابێ بگاتە ئەو ئاستەی کە پۆپ یان جاز لەسەرووی مۆسیقای رەسەن و سوننەتی دابنرێت**

**کەسێکی وەکو هونەرمەند غەریب پور بۆ خەڵکی ئێران و کوردانیش مایەی شانازییە، چونکە توانیی بەشێوەی ئۆپیرالی مۆسیقای رەسەنی ئێرانی پێشکەش بکات وەک ئۆپێرای مەولانا و ئۆپیرای حافیز و چەندین ئۆپێرای دیکە**

**ریتمەکانی مۆسیقای کوردی زیاتر خێران بۆیە دەتوانرێ لەم رووەوە سوود لە مۆسیقای فارسی وەربگیرێت و بە ریتمێکی هێمن کە مۆسیقای فارسی پێی ناسراوە گۆرانی کوردی و مۆسیقای فارسی تێکەڵ بکرێت و بە پێچەوانەشەوە دەتوانرێ ریتمی گۆرانی کوردی لە فارسیشدا سوودی لێ ببینرێت**

بکەین دەبینین کە چەند هونەرمەندێك هەن جۆرێك ستایلی نوێیان هێناوەتە نێو گۆرانی و مۆسیقا کە دەتوانین بە پۆپی سوننەتی وەسفیان بکەین بۆ نموونە هایدە، حومەیرا، داریۆش و چەندین هونەرمەندی تر کە رەنگە ئێستا ناوەکانیانم لە یاد نەبێت، زۆر لە هونەرمەندەکان هەوڵیانداوە بتوانن هاوسەنگییەك لە نێوان ئەم دوو جۆرە ستایلە درووست بکەن، ئێستا لە کوردستانیش دەبینین کە زۆر لە هونەرمەندان روویان لە ستایلە نوێیەکانی کوردی کردووە، ئەمەش نەك بۆ ئەوەی لاوەکان رازی بکەن یان بۆ ئەوەی کە مۆسیقای رەسەنی خۆیان لە یاد بکەن و پشتگوێی بخەن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێستا ئەم ستایلە هونەریانەش پێویستن بۆ گۆرانی وتن و هەوڵ سوود لەم ستایلانەش وەربگرن کە ئێستا بە پێویست دەزانرێت، بە شێوەیەکی گشتی ئێستا مۆسیقای رۆژئاوایی بەرامبەر بە مۆسیقای سوننەتی و رۆژهەڵاتی لە پێشکەوتندایە سەرەڕای ئەوەی کە مۆسیقای ئێمە دەوڵەمەندە، بەڵام پێویستی بە کار کردنی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەوێت لەسەر ئاستی جیهان، ئێستا دەبینین مۆسیقای چینی و ژاپۆنی روو لە بڵاوبوونەوەیە لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی، چونکە کەسانێك هەن لەو بوارەدا هەوڵی زۆر دەدەن هیوادارم ئێمەش بتوانین کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدەین.

*** وەك کچە هونەرمەندێکی فارس ئایا نیازی ئەوەت نییە گۆرانییەك یان بەرهەمێك بە زمانی کوردی پێشکەش بکات؟**

- بێگومان بەرنامەیەکی لەم جۆرە هەیە و هاتنیشم بۆ کوردستان هەر بۆ هەمان مەبەست بووە لە رێگای چەند هاوڕێیەکی دڵسۆزەوە هونەرمەند وریا ئەحمەدم ناسی کە چەند ساڵێك لە ئەوروپا ژیاوە و تا رادەیەکی زۆر شارەزایی هەیە لە بواری مۆسیقای فارسی، من بیر لەوە ناکەمەوە کە ئایا ئەم گۆرانییە کوردییە چ ئیزافەیەك دەخاتە سەر کاروانی هونەری خۆم یان جەماوەرم لە نێو کورددا زیاتر دەبێت، من بیر لەوە دەکەمەوە کە کارێکی جوان پێشکەش بکەم کە من پێی رازی بم و تێیدا سەرکەوتوو بم و هیوادارم ئەم کارە ببێتە سەرەتایەکی باش بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری دیکەش ئەنجام بدەم، چونکە من یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر حەز دەکەم جگە لە زمانی فارسی بە زمانی گەلانی دراوسێی ئێرانیش گۆرانی بڵێم.

*** لەو چەند رۆژەی کە لە کوردستان بووە چ شتێك سەرنجی راکێشاوە دەربارەی هونەری کوردی بە گشتی؟**

- لەو چەند رۆژەی لێرە بووم سیدی فرۆشەکانی ئێرەم بینی بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری فەرهەنگی هونەری بم ئەوەی تێبینیم کرد جۆرێك لە بێ سەروبەری هەیە لەم رووەوە هیوادارم بتوانرێت ئەو کەموکوڕیانەی کە هەن نەهێڵرێن.

زۆهرە عیشقی لەدایکبووی شاری تاران-ی ئێرانە و بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی هونەرەجوانەکانی تاران وەرگرتووە. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە عەوداڵی فێربوونی مۆسیقا و گۆرانی بووە و بە ژەنینی پیانۆ تێکەڵ بە دنیای هونەر بووە و دواتربە هەموو بنەماکانی زانستیی ئەو هونەرە ئاشنا بووە. مامۆستاکانی کەسانی ناوداری ئێرانی بوون وەک: وارتان ساهاکیان و خانمی بەهجەت قەسری و نایرە چولاکیان کە لە لای ئەوان بە مۆسیقا و ئاوازی کلاسیک و ئۆپەرا ئاشنا بووە.

بۆ ماوەی ١٨ ساڵ بێژەر و پێشکەشکاری تی ڤی بووە و ئەندامی گرووپی ئۆرکێسترای سەمنفوونیک بووە. هەروەها سەرپەرشت و گۆرانیبێژی گرووپی مۆسیقای دەست ئەفشانە کە لە ئێران و زۆربەی وڵاتانی دیکە بەرهەمی خۆیان پێشکەش کردووە. ئاوازدانەری رێکخەری چەندین مۆسیقای شانۆیش بووە. زۆهرە عیشقی جگە لە وانەبێژی مۆسیقا و پێشکەشکاری سەرقاڵی توێژینەوەیەکی بەرفراوانە لە سەر مۆسیقای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەگەڵ ناودارانی ئەو بوارەدا چالاکی هاوبەشیان هەیە.







# ئەركان
# هێرش دەكاتە سەر نۆرگول

ئەستێرەی ناسراوی توركی ئەركان بتكیا بێدەنگی دژی خانمە ئەستێرەی توركی نۆرگول یەلیشجای شكاند و بە درۆزنی وەسف كرد، چونكە پێشتر نۆرگول هۆكاری بەشداری نەكردنی لە زنجیرە درامای (پاشماوە) بۆ دەستدرێژی كردنی ئەو ئەستێرەی گەڕاندبۆوە.

ئەركان وتەكانی نۆرگولی بە درۆ خستەوە و لەم بارەیەوە وتی: گشت وتەكانی نۆرگول پێشتر بەرنامە و پلان بۆ داڕێژراو بوو بۆ ئەوەی ناوی من بزڕێنێ، نۆرگول لە كارەكەی دوورخرایەوە و بە ویستی خۆی پاشەكشەی نەكردووە وەك خۆی دەڵێ، چونكە رەفتار و هەڵسوكەوتەكانی نەشیاو بوون.

ئەركان رەفتارەكانی نۆرگولی بە «بەدڕەوشتی و قێزەوەن» وەسف كرد و زیاتر وتی: رەفتارەكانی شیاو و گونجاو نەبوون و پابەند نەبوو بە بەرنامەكان بۆیە دەركراو هەرچەندە دواتر ویستی بگەڕێتەوە و داوای لێبووردنی كرد، بەڵام كات بەسەرچووبوو و بڕیاری دەركردنی درابوو، نۆرگول مایەی بەزەیی پێهاتن بوو و تیمی كار زۆر چاوپۆشییان لێكرد لەبەر ئەوەی ئافرەتە و كوڕێكی هەیە، بەڵام خۆی ئەوەی لەبەرچاو نەگرت و زۆر جار دەهاتە شوێنی وێنەگرتن بە سەرخۆشی و دوور لە رەوشت رەفتاری دەكرد.

هەر لە بارەی ئەم كێشەیە ئەركان دەڵێ: ئێمە ماوەی ساڵێك و نیو بەرگەمان گرت و پشتگیری تەواومان كرد و رەفتارەكانیمان بە نیازپاكی وەسف كرد و وتمان رەنگە لە رووی دەروونییەوە ماندوو بێت، بۆیە هاوبەشی خەمەكانی بووین، بەڵام ئەمەی بە هەڵە لێكدایەوە، و چەندین هەواڵی نادروست و درۆی هەڵبەستراوی دژی ئێمە بڵاوكردەوە و رایگەیاند كە ئێمە دەستدرێژی سێكسیمان كردیتە سەری.

# کارینا
# پاکستان رەت دەکاتەوە

هەرچەندە تا ئێستا چەندین فیلمی هاوبەشی هیندی و پاکستانی بەرهەمهێنراون، هەروەها زۆر لە ئەکتەرەکان بەشدارییان لە فیلمی وڵاتەکەی دیکە کردووە و سەرکەوتنی زۆریشیان بەدەستهێناوە، بەڵام خانمە ئەکتەری ناسراوی هیندی کاترینا کاپور گشت ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە کە باس لەوە دەکەن بەشداری لە فیلمێکدا بکات کە باکگراوەندێکی پاکستانی هەیە و بە بەرهەمێکی پاکستانی دادەنرێت.
پێشتر چەند سەرچاوەیەك رایانگەیاندبوو کە کاترینا رەزامەندی دەربڕیوە بەشداری لە فیلمێکدا بکات کە لە دەرهێنانی شوعەیب مەنسوری پاکستانییە، بەڵام کاتێك لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا پرسیاری ئەوەیان ئاراستەی کاترینا کرد، لە وەڵامدا بە توندی رەتی کردەوە و وتی: ئەمە بە هیچ شێوەیەك راست نییە، من نە بەشداری لە هیچ فیلمێکی پاکستانیدا دەکەم و نە بە نیازیشم لە داهاتوودا ئەم کارە بکەم، هەروەها کەسیش داوایەکی لەم شێوەیەی ئاراستەی من نەکردووە.
شایەنی باسە تا ئێستا چەندین فیلم بەرهەمهاتوون بە مەبەستی کەمکردنەوەی گرژی و ئاڵۆزی نێوان پاکستان و هیندستان و زۆر لە ئەستێرە ناسراوەکانی هیندستان بەشدارییان تێدا کردووە و لە زۆر رووەوە کێشەکانیان خستۆتەڕوو لەوانە ئەمیتاب باتشان و سەلیم خان و شارۆخان و چەندانی دیکە.



# کریستن
# ئامۆژگاری دیزی دەکات



دوای ئەو سەرکەوتنە زۆرەی کە بەشی نوێی فیلمی جەنگی ئەستێرەکان (Star Wars: The Force Awakens) بەدەستیهێنا، دیزی ریدلیی بە رەچەڵەك بەریتانی پاڵەوانی فیلمەکە بووە بابەتی بەشێکی زۆری میدیاکان و و لە زۆر رووەوە گرنگییان بەم ئەکتەرە گەنجە داوە و پێشبینی ئەوەشیان کرد کە لە داهاتوو ببێتە یەکێك لە ئەستێرە ناودارەکانی هۆلیۆد.
کریستین ستیوارت چەند ئامۆژگارییەکی پێشکەش بە دیزی کرد بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبێت لە داهاتوودا، لەم بارەیەوە کریستین دەڵێ: سەرکەوتن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەکتەر ناوبانگ پەیدا بکات و باس بکرێت، بۆیە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ دیزی ئەوەیە کە زۆر گرنگی بە میدیاکان نەدات تەنانەت ئەگەر باسی ژیانی تایبەتیشی بکەن و پڕوپاگەندەی نادروستیشی لەسەر بڵاوبکەنەوە، لە جیاتی ئەوە پێویستە گرنگییەکی زۆر بە کارەکانی خۆی بدات کە دەبێتە هۆی ئەوەی بە خۆشگوزەرانی بژیت.
ستیوارت هەروەها روو لە دیزی دەکات و دەڵێ: ئەو کارەی تۆ خۆشدەوێ و دەبێتە هۆی کامەرانی بۆت ئەنجامی بدە، هەر کارێك ببێتە هۆی بێزار بوونت پشتگوێی بخە، چونکە بە ناوبانگ بوون و ناسراوی چەند دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی ئەوەندەش گرفت و ئاستەنگت بۆ دروست دەکات، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە بە تەواوی خۆتی بۆ ئامادە بکەی بۆ ئەوەی نەبێتە بەربەست لەبەردەم کاروانی هونەریت.

## بەیتۆ جان:

# کوردستان نەبێتە یەک وڵاتی سەربەخۆ هونەریشی پارچە پارچە دەبێت

لە خانەوادەیەکەوە هاتە نێو بواری دنیای گۆرانی کوردی کە شێخ و خاوەن مورید بوون، ئەمەش کارێکی سەخت بوو لە هەمانکاتدا شکاندنی ڕێچکەیەك بوو لە کاتێکی زۆر زەحمەتدا کە تەنانەت گۆرانیگوتن تێیدا بە حەرام وەسف دەکرا، بەیتۆ جان سەرەڕای ئەمەش توانی سەرکەوتوو بێ و بە گۆرانی و ستایلە تایبەتییەکەی خزمەتێکی باش بە هونەری کوردی بکات بەجۆرێك زۆر لە هونەرمەندەکانی کورد لە هەموو پارچەکان ئێستاش گۆرانییەکانی دووبارە دەڵێنەوە.

سەبارەت بە ژیانی خۆی و سەرەتاکانی هاتنە نێو بواری هونەری بەیتۆجان دەڵێ لە ساڵی ١٩٥٥ هاتوومەتە دنیا، بەهۆی ئەوەی باوکم شێخ بوو کە چوو بۆ حەج لەوکاتە ناوی منی کردە بەیتوڵڵا، تاوەکو ئەو لە ژیان مابوو من هەر بەیتۆڵڵا بووم، دوای مردنی بووم بە بەیتۆجان .

هاتنم بۆ نێو بواری هونەری کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە من کە لە بنەماڵەی شێخ بووم هەر شتێك کە پێوەندی بە هونەرەوە هەبوایە بە حەڕام ناو دەبردرا و قەدەغەکرابوو، بەڵام ئەو خۆشەویستییە زۆرەی نیشتمان- خاکی وڵات وایکرد کەوا ئەگەرچی ئاستەمیش بوو، ڕێگر نەبوو لەوەی بێمە نێوبوارەکە.

ستایلی بەیتۆ جان تا رادەیەك تایبەتە لەم بارەیەوە دەڵێ: ئەم ستایلەی من کە زیاتر بە ستایلێکی لەسەر خۆ ناسراوە جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە بۆ خودی خۆم، لەم جۆرە ستایلەی خۆمدا دەتوانم بە ئامێری موسیقییەوە گۆرانی بڵێم لە هەمان کاتدا بەبێ ئامێریش دەتوانم کارەکەی خۆم پێشکەش بکەم.

سەبارەت بە تێکەڵ کردنی هونەری بە هونەری هەریەکە لە عەرەب و تورك و فارس بوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر هونەری کوردی هونەرمەند بەیتۆجان دەڵێ: زۆر جار وتوومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە من هیچ کات لەگەڵ ئەوە دانیم کەوا هونەری کوردی تێکەڵ بە هونەری نەتەوەکانی تر بێت، چونکە هەر میللەت و وڵاتێك بە هونەری خۆیەوە ناسراوە، بەوە جیا دەکرێتەوە، کە هونەرەکەیان هەندێك خاسییەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام کاتێك تێکەڵ بە هونەری تر دەکرێت وایلێ دێ میللەتی کورد هونەری نییە، من دەڵێم هەر هونەرمەندێك دەبێت سەرەتا بتوانێت گۆرانی بە زمانی دایك بلێت، ئینجا ئەگەر بیەوێت بە زمانی تر گۆرانی بڵێت، هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەشدانیم کەوا بە زمانی بیانی گۆرانی بگوترێت، چونکە هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە بە تەواوی ئازاد بین چۆن دەچین کاری لەمجۆرە بکەین، بەڵام بەداخەوە زۆر کەس ئێستا هەن گۆرانی بە زمانی بیانی دەڵێن و خۆشیان شانازی پێوە دەکەن.

سەبارەت بە خزمەتکردن و پاراستنی هونەری رەسەنی کوردی بەیتۆ جان پێیوایە تا کوردستان نەبێتە یەك وڵاتی سەربەخۆ هونەریشی پارچە پارچە دەبێت و دەڵێت:

ئەگەر سەیری هونەری هەر چوار پارچە و ئەورووپاش بکەین هەر یەکەیان ستایلێکی تایبەتی خۆی هەیە لە خزمەتکردن، بە هونەری کوردی و من دەڵێم تا کوردستان چوار پارچە هەبێت هونەریش چوار پارچە دەبێت. رەنگە زۆر جار گلەیی بکرێت لە هونەرمەندانی باشوور، من گلەییەکان بە گونجاو دەزانم، چونکە ئێمەی چینی هونەرمەند هیچ کات نابێت تەنیا سەیری دەور و پشتی خۆمان بکەین تەنیا نزیکبین بین، بەڵکو دەبێت ئێمە دووریش ببینین، بۆ ئەوەی بە ڕاستی ببینە خەمخۆری میللەتەکەمان، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆمانیش رەخنەمان لێ نەگرێت و بە خراپی باسمان بکەن، بەڵام دەبێت هەوڵبدرێت بەتایبەتی هونەرمەندانی ئەم پارچەیە کە پارچەیەکی ئازادە و بە ئازادانە دەتوانی هەر کارێك بکەن بۆ ئەوەی پارچەکانی تریش هەست بەوە بکەن کەوا لەم پارچەیەی ئازاد خەمەکانیان دەزانرێت.

سەبارەت بە ئەشکەنجەدان و ئازاردانی هونەرمەندانی کورد تەنیا لەبەر ئەوەی بە زمانی کوردی گۆرانییان وتووە دەڵێ: لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٦ بۆ ماوەیەك چەند ساڵێك زیندانی کراوم تەنیا لەبەر بە زمانی کوردی گۆرانیم گوتووە، ئەشکەنجە و ئازاردان لەسەر وڵات هۆکارێکە بۆ لە دایك بوونی چەندان شت، وادەکات کارێك ئامادە و پێشکەش بکەی کە واقعی بارودۆخی خۆت و وڵاتی خۆت بۆ روون بێتەوە، بەڵام ئێمە لەسەر خەباتی خۆمان هەر بەردەوام دەبین.

بەیتۆ جان پێیوایە هیچ هونەرمەندێك بە تەنیا ناتوانێت



خزمەت بە هونەری کوردی بکات و دەڵێت: من بە تاوانی دەزانم کاتێك هونەرمەندێك دەڵێت تەنیا من، بە کارکردنی چەند هونەرمەندێك پێکەوە بەشێوەی کۆم من پێم وایە دەتوانرێت کارێکی جوان پێشکەش بکرێت، بەڵام ئەگەر بێت و هەر یەکە و لەلای خۆی ئەو کارە بکات رەنگە نەتوانێت سەد لە سەد سەرکەووتوو بێت.

گۆرانی (ئاگر کەتییە دلێ من) کە یەکێکە لە گۆرانییە ناسراوەکانی و تا ئێستا چەندین هونەرمەند ئەو گۆرانییەیان گوتووەتەوە، سەبارەت بە نهێنی سەرکەوتنی ئەم گۆرانییەش دەڵێ: میلۆدی ئەم گۆرانییە هی خۆم نییە، پێشتر بیستبووم شتێکی زۆر خۆش بوو لەلام، منیش وشەم لەسەر ئەم میلۆدیە دانا و کاریگەری گۆرانییەکە بەسەر منەوە وایکرد کەوا شتێکی جوان و پوختی لێ دەربچێت و بە ئاسانی بچێتە ناو ناخی مرۆڤەوە، بە بڕوای من ئەم ئاسان چوونە نێو ناخی مرۆڤە وایکرد کەوا زیاتر لە (٣٢) هونەرمەند ئەو گۆرانییە بڵێنەوە زۆرێکیان تەلەفۆنیان بۆ کردم کەوا دەیانەوێ ئەو گۆرانییە بڵێنەوە، بەڵام هەبووە پرسیاری لێ نەکردووم.